www.kurdistannet.org
29-12-2005 20:05بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# سەردار دۆسکی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتی سۆشیالیستی هۆڵەندی... لە دیمانەیەکدا ئەدوێ... ئامادەکردنی: ساسان دەروێش

هۆڵەندا



جارجارە لە نێوەندی یەکێ لە پارتە سیاسیەکانی هۆڵەندا، گوێ بیستی ناوی لاوێکی کورد دەبین کە ئەویش بەڕێز سەردار دۆسکی تەمەن 34 ساڵە و لەدایک بووی شاری دهۆکە، کەلەونێوەندە دا توانیویەتی بە ئاستێکی بەرزی سیاسی پێشکەوتوو بگات، بەماوەیەکی زۆر کەم و 10 ساڵ ژیان لەهۆڵەندا وهەوڵ وکۆششێکی زۆر وبەردەوام بۆتە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی وبەرپرسی هەرێمی شاری ئەمستردام ودەوروبەری و بەشی پەیوەندیەکانی پارتی سۆسیالیستی هۆڵەندی، جگە لە تەواوکردن و وەرگرتنی دبلۆمای ڕۆژنامەوانی لەهۆڵەندا ، زۆرڕاست گۆیانە توانیویەتی لە نێوان پارتەکەی و وولاتە وێران کراوەکەیدا کوردستان، پردێکی سیاسی و لە یەک تێ گەیشتن ونزیک بوونەوە دروست بکات تا ئەوڕادەیەی لەلایەن پارتەکەیەوەمیوانداری سیاسە تمە دارا نمان بکرێ وناوی کورد و کێشەکانی ببێتە گفتوگۆی ناو هۆڵەکانی پەرلەمانی هۆڵەندی وئەوروپا. بۆیە بە پێویستمان زانی لەم دەرفەتە بچکۆلانە دا ئەم دیدارەی لەگەڵدا سازبکەین.



پ/ بە چ مەبەستێک پارتی سۆشیالستی هۆڵەندیت هەڵبژارد؟

و/ ئا لەوکات وساتانەی کەمن تازە لە هۆڵەندا ژیانی پەنابەریم بەڕێ دەکرد، تەنهاوتەنهاپارت بوولەسەرمافی کورد بەئاشکرادەی نووسی وقسەی دەکردوبەرگری لەکێشە ڕەواکەی دەکرد ئەمەش دەگەڕێتەوەبۆبەرواری ساڵی 1994 وەک پارتێکی چەپ بەبیروبڕوای تەواوی خۆی داوای مافی دیاری کراودەکات بۆ هەرمیللەتێک کەلەژێرزەبروزەنگ وچەوساندنەوەدابن کەکوردیش یەکێکەلەومیللەتانە و پارتی سۆشیالستی هۆڵەندی بەرگری لێ دەکرد لەگەڵ هەموو بەرگریەکی تەواو لە پەناهەندە وداواکاریەکانی دەکات، منیش وەک پەناهەندەیەک و هەژارێک وکوڕە کوردێک بەرگری لە من دەکردبۆ یەهەڵوێست وبیروباوەڕی خۆمم لەگەڵیا یەک خست بۆ چوونە ناوەوەم ولە ورێگایەوە منیش خزمەت بەگەلەکەم بکەم.

پ / پێت وایە پارتی سۆشیالست لەگەڵ ئێش وئازاری میللەتەکەتاندایەک دەگرنەوە، بۆیەخۆت هاویشتەناویان؟

و / بەهۆی كاركردنم لەگەڵ ڕێكخراوەكانی پەناهەندە، دەرفەتی ئەوەم بۆ ڕەخسا كەپەیوەندیەكی زۆر باشم هەبێ لەگەڵ خەڵكی پەناهەندە لە هۆڵەندا، بەهۆی ئەم تێكەڵیەشم تێ گەیشتم كەخەڵكانی وەكومەغریبی وتوورك كەوتوونەتە ناوشارەوانیەكان وپەرلەمان وەكو بێگانەیەك كاردەكەن لەبەڕێوبردنی ئەم وولاتەدا، بەهۆی ئەوەوە بۆمنیش دەركەوت، كەمنیش دەتوانم لە داهاتوویەكی نزیكدا بچمە ناویان، ئەوكاتەمن هەردەم



بەهیوای ئەوە بووم كە ئەندامێكی شارەوانی شارێكی هۆڵەندی یان ئەندام پەرلەمانێك كورد بێ وشانازی پێوەبكەین، بۆیە بڕیارم دا ببمە ئەندامی پارتی سۆشیالست لەساڵی 1997 تاساڵێك لەبەرئەوەی زۆر سەرقاڵی كاركردن بووم لەگەڵ ڕێكخراوەكانی پەناهەندەومافی مرۆڤ وكۆمەڵەڕۆشنبیری وكلتوریەكوردی وهۆڵەندیەكان، لەگەڵ ئەوەشدا من دەم خوێندو لە پاڵیاكاری ڕۆژنامەوانیم ئەكرد لەڕۆژنامەی جسر لەشاری دانهاخ كەبەرپرسی بووم لەكا ر و باری كوردی وهەواڵەكانی، ساڵی 1999 بڕیارم دا چالاك بم لە ناو پارت دا تاساڵی 2000 سەرقاڵی چالاكیەكانی بڵاوكردنەوە و ڕێپێوان وهەندێ كاری تر لە ناو شاری خۆم بووم، كەزۆر ئەندامان هەبوو لەناو شاروسنوورەكانی دەرەوەی ئەمستردام، ئەوەبوو توانیم ئەندامانی هەردوو شارەوانیەكە یەك بخەم كەكۆیان دەكردە475 ئەندام، بەیاسای پارتیش 50 ئەندام هەبێ و5 كەس دەستەی بەرێوەبردنی بن دەتوانی ناوچەیەك بكەیتەوە، ئەوەبوولەماوەی 3 مانگادا توانیم لەوژمارەیە120 ئەندام چالاك بكەم وناوچەیەكی چالاك لەنێوەندی شاری ئەمستردامی پایتەختی هۆڵەندابكەمەوە، لەبەرلێ هاتوویم وبەردەوامیم داوای زۆر زانیاریان لەسەردۆزی كوردوكێشەڕەواكەیان لێ ئەكردم، تاكتێبێكم نووسی بەناوی لەنابەری چیاوەدریا كەبریتی بوو لەشانۆگەریەك كەلە26 شار بڵاوكرایەوەو8 ڕۆژنامەش لەسەریان نووسی ولەكەناڵەكانی تەلەفزیۆنی هۆڵەندیش بڵاوكرایەوە، ئەوەبووساڵی 2003 خۆم پاڵێوەوبوومەبەرپرسی هەرێمی شاری ئەمستردام وسنوورەكانی دەوروبەری كە بە گەورەترین هەرێمی هۆڵەندا دەژمێردرێت لەبەربایەخی بوونی ئەمستردام وەك پایتەخت، دواتر چوومە ناو كۆمیتەی ناوەندی وئەوەندەی تر چالاك بووم وگرنگیان پێ دام وبووم بەئەندامی بەشی پەیوەندیەكان ولە ساڵی 2004 خرامەلیستی هەڵبژاردنی ئەندامانی پەرلەمانی ئەوروپی وژمارە7 بووم كەبەداخەوە هەڵ نەبژێر درام وەتا ئێستاش بەردەوامم وەلەساڵی 2005 یش جارێكی تر بەهەمان بەرپرسی وپلەی خۆم هاتمەوە هەڵبژاردن.

پ / پێگەی پارتەكەتان لە حكومەتی هۆڵەندا چیە؟

و / 12 پارتی سیاسی هەیە لەپەرلەمانی هۆڵەندی، پارتەكەی ئێمەچوارەمین پارتی هۆڵەندیەو9 ئەندام پەرلەمانی هۆڵەندی و 2 ئەندام پەرلەمانی ئەوروپاو4 ئەنجومەنی پیرانمان هەیە، ئەگەرئێستاگۆڕانكاری ڕوبدات لەدەستەڵات پێم وایەپارتەكەمان دەبێتە سێ هەم پارت، بەپێ ی ئەوبیروڕایانەی خەڵك كەهاوهەڵوێستن لەگەڵ پارتەكەمان.

پ/ تا چ ڕادەیەک گەش بینی بە ودادگایی کردنەی فرانس ڤان ئەنراتی تاوانباروبازرگانی چەکی کیمیاوی کە
لە دژی کورد بەکارهێنراوە؟

و / فرانس ڤان ئەنرات کەسێکی تاوانبارە، دەبێ یاسای هۆڵەندامافی دادگایی کردنی خۆی بداتێ، دوور لە بەرژەوەندی سیاسی، من پێم وایەتائێستادەلیل نیەبۆتاوانبار کردنی بازرگان فرانس ڤان ئەنرات کەهاریکاری دادگابکات بۆسزادانی تاوانبار، ڕاستەهەمومان کارەساتی هەڵەبجەمان بینیوەووەک ئەرشیف لەلای نەک هۆڵەندیەکان هەیەبەڵکولەهەموودنیابڵاوە، بەلای منەوەگرنگ نیەتاوانبارساڵێک دووساڵ بگیرێ لەبەندینخانە کاندا و سزای خۆی وەرگرێ، گرنگ لای من ئەوەبوولەگەڵ گرتن وئاشکراکردنی ئەم تاوانبارەدەبووحکومەتی هۆڵەندی وسەرۆک وەزیرانی هۆڵەندی داوای لێ بوردنیان لەمیللەتێکی بندەستی وەکوکوردیان بکردایە کە بەو چەکە کۆکوژیە هاتونەتە قڕکردن.

پ/ ئەی کارەکانی ناوەندی هەڵەبجەودژ بەم تاوانبارەچۆن هەڵ ئەسەنگێنی؟

و / هەروەک ئامازەم پێ کردن فلیم ووێنەکانی کارەساتی هەڵەبجەزۆرن، بەڵام ئەوەی ئێمەودادگاوناوەندی هەڵەبجەچاوەڕوانین، تاوانباری پێ سزابدەین دەلیلەکەتائێستانیمانە، بەبڕوای من تائێستاهیچ ئەنجامێکمان نیە کەتاوانباری پێ تاوانباربکەین بڵێین ئەمەدەلیلمانەوتۆتاوانباری.

پ /کاروچالاکیت لە ناو پارتی سۆشیالیست بۆکورد چی بووە؟

و /بەپێ ی توانای خۆم توانیومە پردێک لەنێوان سیاسەت مەدارانی کوردوهۆڵەندی دروست بکەم، بۆئەم مەبەستەش وەفدێکی پارتەکەمانم بۆسەردانی کوردستان دروست کرد لەبەرواری 2004/4/9 هەتاکو2004/4/19 کەپێک هاتبووین لەخۆم وبەسەرپەرشتی سیناتۆر تینی کوکس سەرۆکی بەشی ئیشتراکی ئەنجومەنی پیران وهانس ڤان هینیغن ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارت وفەیسەڵ ناسر ئەندامی پارت، سەردانی هەردوو ئیدارەی حکومەتی هەرێمی کوردستانمان بەجیاکردوهەروەهاهەردوومەکتەبی سیاسی پارتی ویەکێتی و پەرلەمانی کوردستان بەگشتی وپارتەکوردستانیەکانی ترورێکخراوەپیشەیەکان وبەرێز میری یەزیدیەکان میر تەحسین بەگ ومەسیحیەکان وتورکمانەکان وهەردووزانکوی سەلاحەدین وسلێمانی ویادگاری هەڵەبجەو جگە قسەکردن لەگەڵ خەڵکی سادەوهەژاری کوردستان لەئاکامی ئەم هەموودیداروکۆبوونەوانەلەسێ فرا کسیۆنی پەرلەمانی کوردستان 3 ئەندام پەرلەمانی زەردو3 ئەندام پەرلەمانی سەوزو1ئەندام پەرلەمانی مۆر بانگ هێشتمان کردن بۆ وولاتی هۆڵەندا، ڕێکەوتی 2005/1/17 لەفرۆکەخانەی شاری ئەمستردام لەلایەن وەفدی پارتیمان وجالیەی کورد پێشوازیان لێ کرا، دواتر لەبەرنامەیەکی دووروردرێژ داسەردانی شارەوانی ئەمستردام وپەرلەمانی هۆڵەنداوئەنجومەنی پیران ودادگای نێودەوڵەتی وپەرلەمانی ئەوروپاونوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەبەلچیکاوئەنیستیتۆی بەلچیکاوباڵیۆزخانەی عێراق لەهۆڵەنداولەکۆتایی گەشتەکەیاندالە2005/1/22لەشاری ئەمستردام لەسیمینارێکدابەرامبەرچالیەی کورد باسیان لەگەشتەکەیان وئاکامەکانیان کرد.

پ / ئاکامی ئەوگەشتەچۆن هەڵسەنگێنی؟

و / وەفدی پەرلەمانی کوردستان، زۆر دیداروکۆبوونەوەیان سازکرد و زۆرپەیمانیان وەرگرت لەجێگری سەرۆکی ئەنجومەنی پیران وپارتی کاری هۆڵەندی کەپارتی دووەمە لە هۆڵەندا

پەیمانیان دا، کە بەشێوەیەکی فەرمی هاریکاری میللەتی ئێمەبکەن وەهەروەها لەپەرلەمانی ئەوروپا لە سەرئاستی بەرز، زۆر پەیمان درا بۆ بەشداری کردن لە ئاوەدان کردنەوەوهاریکاری کوردستان بێ جگەلەپارت سۆشیالیستی هۆڵەندی، بەداخەوە تا ئێستا لە پەرلەمانی کوردستان هیچ وەڵامێک نەهاتەوە.

پ / پێت وایە هۆکارەکەی دەگەڕێتەوەبۆگۆڕانکاری نێو پەرلەمانی کوردستان؟

و / پەرلەمانی کوردستان لەیەکەم هەنگاویانەوە و ناردنی ئەو وەفدە بۆ هۆڵەندا پەرۆشی پێوەدیار نەبوو، ئەوە بۆماوەی ساڵ ونیوێک تێ دەپەڕێ هیچ وەڵامێکیان نیە پەرلەمانی کوردستان وبەدوادا چونیان نیە بۆ ئاکامی گەشتەکەیان، زۆر جارهۆڵەندیەکان لە من پرسیار دەکەن ودەپرسن وەڵامیان چی بوو.

پ / دوای گۆڕانکاری عێراق وڕووخانی سەدام چۆن سەیری کوردستان دەکرێ لەلایەن سیاسەت مەدارانی هۆڵەندی؟

و / گەش بین نین بەوەی کەوەفدێک ی سیاسی بن یان بازرگانی بچنەکوردستان چونکە تا ئێستا لەهەواڵ ومیدیاکانی جیهانی هەواڵێکی ناوخۆی عێراقیان گوێ لێ دەبێ بەتایبەتی موسڵ، بەشی باکووراتەکوردستان بەئارام نازانن، وەدزی کارەکانی ئەمریکاشن وهیچ چارەسەرێکیشیان پێ نیە.

پ / ڕاتان چی یەبەرامبەرڕەش نووسی دەستووری نوێ ی عێراق؟

و /7 دیانەت و7 نەتەوەڕازی بکەی بەیەک دەستوور کارەکەنایەتەچاکردن لەناویاندا لە چەپی توندڕەوتا ڕاستی توندڕەو هەیە، بەڵام ئەوەی ئێستا هاتۆتە دروست کردن هەندێک کەس لێ ی ڕازی نین، بەڵام ئەگەر وەک کەس بیگرین هەریەک مافی خۆی وەرگرتوە، زۆر یشی ماوە، بۆدەوڵەتێکی عێراق تا دێتەسەر پێ ی خۆی لە پیادە کردنی مافی مرۆڤ ودابین کردنی ئارام من بەسەرەتایەکی خراپی نازانم، دەستوور لە ئاسمان نەهاتۆتە خوارێ قابیلی گۆڕانە، دوای پیادەکردنی دیموکراتی وهەڵبژادنی ئازاد.

پ / سەرۆکی هەرێمی کوردستانتان پێ چۆنە؟

و / باوەڕ ناکەم هیچ میللەتێک یان گروپێک هەبێ وسەرۆکی نەبێ، بەتایبەتی بۆ بارودۆخی ئێستای کوردستان زۆر گرنگە کە ئێمە پەرلەمان وحکومەتی خۆمان هەیە دەبێ یەکێک هەبێ بەناوی سەرۆکی هەرێم سەرپەرشتی هەموویان بکات وە ئێستا لەم سەردەمەدا بیروباوەڕم نیە لەو سەرۆکی هەڵبژێراوەشیاوتر هەبووبێ وزۆر باش دەست نیشان کرا بۆ ئەو ئەرکە نەتەوەیە، من وەکو کوردێک پشتەوانی لێ ئەکەم وە هەرکارێکی هەبێ بەبیرو بڕواوە بۆی ڕادەپەڕێنم.